# رۆژنامەی چاودێرماڵی خۆی لەشووشەیە و بەردیش دەهاوێ

هەوراز عەلی
hawraz2003@maktoob.com

ساڵی نەوەدویەك بەناوی مفاوەزات مەسعود وجەلال بەرەو بەغدا بەرێکەوتن.لەوێدا دەستیانکردە باسوخواسی خۆیان، وەلێ ئەوەی کە زۆر سەرەنجی هەمووەانی راکێشا ئەو ماچە گەرموگوڕانەی مامی کورد(جەلال تاڵەبانی)بوو کە لەسەدامی گەورەدیکتاتۆری کرد.دوای ئەمە پەشێوی شاعیر خۆی بۆ رانەگیرا و یەکێك لەهەرە جوانترین شیعرەکانی خۆی بە ناوی(ماچ)نووسی.ئەم شیعرە وایکرد کە یەکێتییەکان و جاش قەڵەمەکانیان لێی بکەونە سەنگەر و دەیان لاپەڕەی لەسەر رەشەوە بکەن، هەتا ئێستاش یەکێتی هەر لە پەشێو لالوتە(گەرچی پەشێو پێویستی بەوان نییە و شاعیر و نووسەری راستەقینە نابێت بهێڵێت دەسەلاَت ستایشی بکەن)

لەم رۆژانەدا رۆژنامەی(چاودێر)م بینی(چاودێر رۆژنامەیەکە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی دەریدەکات و مەلا بەختیار سەرنووسەر و دوو ئەندام مەکتەبی تریش ستاف کارایین).لە هەواڵێکی لاپەڕە یەکی دا سەرۆکی پارتی چارەسەر دکتۆر فایەق گوڵپی بەوە ناودەبات کە کارلەگەڵ کەسانی تەعریب چی دەکات و دواتر شۆڕدەبێتەوە و دەکەوێتە تانە دان لەو حیزبە و تەنانەت ئۆجەلانیش بە تۆرانچی ناودەبات.ئەو هەواڵەی چاودێر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دکتۆری ناوبراو لەگەڵ ژنە سیاسەتوانی تورکمانی"سەنگوڵ چاپووك"کۆبووەتەوە، ئیتر وەك ئەوەی کفری کردبێت یان کابە کەچ بووبێت هاربووەتە گیانی دکتۆری ناوبراو، لە کاتێك دا زۆر نییە کە سەرۆکی حیزبەکەی چاودێر لەگەڵ چاپووك دا هاوکورسی بووە لە ئەنجومەنی حوکم و تەنانەت خۆشیان پشتگیرییان لێی کرد بۆ بوونە ئەندام، جگەلەمەش چ پارتی و چ یەکێتی دەیان کۆبوونەوەیان لەگەڵ کەسانی وەك چاپووك کردووە و سەدان کۆنە بەعسی پیاوکوژیان داڵدەداوە.

جەلال لە ئەنکەرە بە بزاڤی رزگاریخوازی کورد لـە تورکیا دەڵێت تیرۆریست و دژبە دیموکراسی چونکە شەڕ لەگەڵ تورکیای دیموکرات دا دەکەن، سەدامی گەورە دڕندە ماچ دەکەن، ئەندامانی سەرکردایەتیش تا دواهەناسە نۆکەر و پیاوی بەعس دەبن و خاوەنی فایل دەبن، لەولاشەوە پارتی رووی خۆی سپی دەکاتەوە بە هێنانی سوپای بەعس و تورکیا، هەردوولا چ یەکێتی و چ پارتی دەیان کۆبوونەوە لەگەڵ پیاوکوژان و خۆ و خاك فرۆشاندا دەکەن، کەچی گەر فایەق گوڵپییەك بێت تەنها کۆبوونەوە و هیچی تر لەگەڵ ژنێکی سیاسەتواندا بکات ئەو درۆیەی بۆ دادەتاشرێت.
سەنگوڵ نە خاوەنی هێزە و نە جەماوەرێکی ئەوتۆ و نـە بیروباوەڕێکی شیاو و جیاوازی هەیە، ئیدی بۆ گوڵپی لەگەڵی دا هاوڕا بێت، دواتر چۆن دەزانیت باسیان لـە تـەعریب کردووە؟یاخود چۆن دەزانیت هاوڕا بوون؟ ئەرێ رێی تێدەچێت گوڵپییەکی شۆڕشگێڕ لەگەڵ تورکمانێکی شۆڤێنی هاوڕا بێت و کار بۆ تەعریبکردنەوەی کوردستان بکات؟!دواتر هەواڵ و تەعبیردان کوجا مەرحەبا؟!
تۆ نابێت بە تـەعبیری خۆت باس لـە هـەواڵێك بکەیت لـە لاپەڕە یەکدا، چونکە یەکەم لـە هەواڵدا تـەعبیر کردن و قسە و تـەعلیق بەکارناهێنرێت، دووەم ئەمە دەبێتە تەشهیر و بەدرۆ کەسایەتییەك بریندار دەکەیت(بـە تایبەت کە هەواڵەکە ئاماژەی بە هیچ سەرچاوەیەك نەداوە)
سا با بە کورتی و پوختی بڵێین ئاغایان کە ماڵی خۆتان شووشەیە بەرد بۆ ماڵی کەسی تر مەهاون.کە حیزب و ئاغایانی خۆتان ئەوەندە عەیبیان زۆرە عەیب لەخەڵکی تر مەدۆزنەوە، چونکە تـەعبیر کردن لـەوان بەهەرشێوەیەك ئێوە و عەیب و کەموکورتییەکانتان بیر خەڵك دەخاتەوە کە ئەمەش کارێکە چەند راستگۆ و دیموکراسی بن و رێکخراوی دیموکراسی بەڕێوەبەرن هەر نایکەن، چونکە لەسەرەتاوە وا فێرکراون کە شتێك نەڵێن بەرژەوەندیتان بخاتە مەترسییەوە و ئاغایانتان تووڕەکات.